# ئەمساڵیش هۆڵەندا یادی کۆمەڵکوژی قارنێی کردەوە



ڕۆژی یەکششەمە 9-9 لە یادی کارەساتی جەرگبڕی قارنێدا , ماڵی کوردی لە زوتەرمیر و ناوەندی چاك , سمینارێکی هاوبەشیان بۆ بەڕێزان مەلا برایم و عەلی ڕەحیمی و موستەفای بەهمەنی ڕێك خست , لە سەرەتادا بەڕێز مەلا برایم ماوەیەکی کورت دوای ڕودانی کارەساتەکە چۆتە گوندی قارنێ بە وردی ئاماژەی بە کارەساتەکە کردو ئەو چرکە ساتە ترسناکانەی هەموو گێڕایەوە تاوانەکەی تێدا ئەنجام درابوو , لە بەشێکی وتەکانیدا باسی لە هەوڵەکانی خۆی کرد بۆنووسینەوەی پەرتووکێك لە سەر تاوانی قارنێ بە هاوکاری و یارمەتی دۆستان لە ناوەوە , کاك مستەفا بەهمەنیش باسی لەو کۆمەڵکوژییە کرد کە هەر ئێستا کۆماری ئیسلامی ئێران ئەنجامی دەدات لەڕێگای بڵاوکردنەوەی مادە سڕکەرەکانەوە , بە پێی ئەو ئامارانەی بەڕێز بەهمەنی ئاماژەی پێیان دا هەر دوو هەفتە جارێك ژمارەی قوربانیانی مادە بێهۆشکەرەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئەندازەی ژمارەی قوربانیانی

کۆمەڵکوژی قارنێیە و هەر دوو ساڵ و نیو جارێک بە ئەندازەی تاوانی هەڵەبجەیە ، کۆماری ئیسلامی ئێران بەشێوازێکی نوێ گەلەکەمان ژینۆساید دەکات و لەم کارەشیدا چەکی مادە بێهۆشکەرەکان بەکاردەهێنێت ، لەبری گاز بارانی خەڵکی کوردستان ژەهر بارانیان دەکات بە مادە بێهۆشکەرەکان .

ئەمەو لە کۆتاییدا ئاماژە بەوە درا گرنگی بەستنی ئەم کۆڕو کۆبونەوانە لەسەر تاوانی قارنێ گرنگی مێژوویی هەیە و لەدوارۆژدا دەردەکەوێت ئەم کارانە چەندە مەزن بووە ، کاتێک دەبێتە کەسێکی یاسایی بۆ بە دادگا گەیاندنی تاوانباران .

بەڕێز عەلی ڕەحیمی هەڵسوڕاوی بواری دژ بە ژینۆسایدکردنی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەخابن بەهۆی نەخۆشییەوە نەیتوانی ئامادەی سمینارەکە بێت ، هەمووان ئاواتی چاکبونەوەی بە پەلەیان بۆ خواست .

ئەوەی شایانی ئاماژەیە بۆ یەکەمجار لە ساڵی 2002 لە لایەن ناوەندی چاکەوە لە هۆڵەندا یادی تاوانی کۆمەڵکوژی قارنێ کرایەوە ، پاش تێپەڕ بونی 22 ساڵ بەسەر تاوانەکەیا .

**ناوەندی چاك**

**ناوەندی کوردی زۆتەرمیر**